لیژنەی دارایی پەرلەمان: هەموارکردنەوەی یاسای میلاکاتی فەرمانبەران سەرجەم ناونیشانە وەزیفیەکانی فەرمانبەران دەگرێتەوە

ئەمە پێنجشەمە،لیژنەی دارایی پەرلەمان رایگەیاند:-کە هەموارکردنەوەی یاسای میلاکات(ماژە) سەرجەم ناونیشان و پلەی وەزیفی دەگرێتەوە،و لە هەموارکردنەوەی یاساکە دەبێت هاوئاهەنگی لە نێوان ناونیشانی وەزیفی و بەواناەی ئەکادیمیدا هەبێت.

لە ڕاگەیەندراوەکی لیژنەی دارایدا هاتووە:-عەتوان عەتوانی سەرۆکی لیژنەکە،سەرپەرشتی کەبوونەوەیەکی کرد بە تاوتوێکردنی هەموارکردنەوەی بیست و یەکەمی یاسای ماژە (میلاکات)ی ژمارە 25ی ساڵی 1960،و تیایدا گفتوگۆ لەسەر میکانیزمی هەموارکردنەوەکە و خوێندنەوەی دووەم و قسەکردن لەسەر پێویستیەکانی دەوڵەت بە پسپۆڕی و ناونیشانی وەزیفی کرا.

ڕاگەیەندراوەکەدا ڕوونیشیکردەتەوە:- کە لە کەبوونەوەکەدا پێداچوونەوە کراوە بە بەگەکانی ڕێشنووسی یاساکە، خشتەی ناونیشانی وەزیفی و ماددە هەموارکراوەکان و داڕشتنەوەی بە شێوەیەک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی دامودەزگاکانی حکومەتدا بگونجێت، هەروەها چەند پێوەرێکی پێویست دانرا کە هاوتەریب بێت لەگەڵ بچونەکانی داهاتوو.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:-لە کەبوونەوەکەدا بڕیاردرا کە میوانداری ئەنجومەنی باڵای خزمەتی فیدراڵ و لایەنە پێوەندیدارەکان بکرێت بە پێداچوونەوە بە هەیکەلی گشتی دەوڵەتدا

بکەن،هاوکات ڕەکەوتن لەسەر ئەنجامدانی وەرگ شێکی فراوانکراو لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت بە گوێگرتن لە سەرنجەکانیان سەبارەت بە هەموارکردنەوەی بڕگە پێویستەکان و ئەو ناونیشانانەی کە دەبێ دروست بکرێن.

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەک :- عەتوانی لەمیانی کەبونەوەکەدا جەختی لەوە کردەوە کە بەچونی لیژنەکە بریتییە لە بەردەوامبوون لە هەموارکردنەوەی یاسای ئێستا بڕگەکانی پێویستی حکومەت، بەمەرجێک یاسایەکی نوێ بە میلاکات ئامادەبکرێت بڕگەکانی بەچونی داهاتوو کە هاوتەریب بێت لەگەڵ خواستی بازاڕی کار ،هەموارکردنەوەی یاسای فەرمانبەران، سەرجەم ناونیشانی وەزیفەیەکان لە پلەی یەکەمەوە تا پلەی دەیەم دەگرێتەوە،هەروەها بەپێی ڕەشنوسەکە هەموارکردنەوەکە هاوسەنگی لە نێوان وەسفی کار و بەوانامەی ئەکادیمیدا داناوە، هەروەک پێداویستییەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەبەرچاو بگیرێت لەو هەموارکردنانەی کە لە یاساکەدا هاتووە، ئەمەش بوپێی قسەکانی عەتوانی لەکەبونەوەکە.